# ئایا هەندێ جار لەبەرخۆتەوە قسە ئەکەیت؟

و/ هێدی محەمەد

مرۆڤ لەبەرخۆیەوە قسەبکات، بێ ئەوەی کەسی بەدەورەوەبێ هۆکارو ئاماژە خۆی هەیە، بەڵام چی لەپشت ئەم قسە لەگەڵ خۆداکردنەوەیە، مرۆڤ بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆی قسە بکات چی ئەگەیەنێ؟

ئای، وەیش، ئۆف خوایە، خۆزگە وانەبوایە...هتد کێ لەئێمە هەیە ئەم وتانەی بەدەمدا نەهاتبێ بۆ نمونە کاتێك دەستمان ئەبێ بەدەرگاوە، لەبەرخۆتەوە جنێوێك بەدەرگاکە ئەدەیت کەدەستتی ئازارداوە یان لەپەنجەی خۆت پەست ئەبی کەنەئەبوو لەو بەردەرگایەدا بوایە کاتی داخستنی دەرگاکە. هەموو ئەمانەمان بەسەرهاتووە هەتا ئەگەر کەسیشمان بەدەورەوە نەبێ کە گوێی لێبێ. ئاخۆ بۆچی ئەبێ ئەم وتانە بەدەماندا بێ؟ لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەدەینەوە.

## ڕەفتاری ڕاستەقینە

(نیکۆل فابر)ی شیکەروەی دەرونیو نوسەری کتێبی (تەنهایی، ئازارەکانیو سودەکانی)ئەڵێ: (ئەو وتە کورتانەی بەدەمماندا دێت، وەك ڕەفتارێك وایە بەلامانەوە، چونکە لەڕێگەیەوە هەستو بیرکردنەوەمانی تیا بەرجەستە ئەکەین. بەڵام (فرانسۆا سۆلجی) پسپۆری دەرونیو خاوەنی کتێبی (خواوەندی منداڵ ئەوە نیە کە ئێمە ناسیومانە) ئەڵێ: (هەریەکەمان ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخمان هەریەکەشمان ڕێگەیەکی دیاریکراومان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانەی کەوەك وڕێنە لەبەرخۆمانەوە دەری ئەبڕین، فرانسوا ئەڵێ: ئەکرێ هەندێ وشەی هاوبەش هەبێ کەهەموان بەکاری بهێنین، بەڵام هەریەکەمان چەند وشەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە کەلەو کاتانەدا بەکاری ئەهێنێ.

## باری دەروونی

هەندێ جار ڕستەی کورت بەدەمماندا دێت وەك (ماقول نیە، ئەوە من چی ئەکەم!، تۆ بڵێی وابێ) بەبێ ئەوەی ئاراستەی هیچ کەسێکمان کردبێت، یان کەسمان لەدەور بێ، ئەم دەربڕینانە، هەستێکی ناخمانە بەبێ ویستی خۆمان بەدەنگی بەرز دەری ئەبڕین ئەم دەربڕینانەش مانای دیاریکراوی خۆی هەیە، فابری شیکەرەوەی دەرونی ئەڵێ زۆرجار بە رستەیەکی سەرسوڕمان گوزارشت لە دەربڕینەکان ئەکەین. جا کەسێك هەبێ گوێی لێ بێ یان نا.

هەروەك زۆربەی ئەو ڕستانەی بەدەمماندا دێ شتی نەرێنیە بۆ ئەم دۆخەش فابر ئەڵێ: دەربڕینە نەرێنییەکان زیاتر دەربڕی هەستمانەو زۆرتر گوزارشت لەناخمان ئەکات هەر ئەمەشە وائەکات بەبێ ویستی خۆمان ئەم وشانە دەربڕین، بەڵام دەربڕینە ئەرێنیەکانی وەك (بەخوا باش بوو) بەدەنگی بەرز ئەوترێن لەکاتی تەنیایدا، چونکە ئەم جۆرە دەربڕینانەیان تەزویەکی هەستی کەمی هەیە وەك لەدەربڕینەکانی توڕەییو ئازار کەبێ ئاگایانە دەرئەبڕێن.

## بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز

هەندێ جار بەدەنگی بەرز قسە لەگەڵ خۆت ئەکەیت، لەمێشکی خۆتدا بەرنامەکانی ئەو ڕۆژە تاوتوێ ئەکەیت؟ کەسانێك هەن بەدەنگی بەرز کارەکانی ئەو ڕۆژەی ئەڵێتەوە وەك (ئێستا قاپەکان ئەشۆم، پاشان گسکیماڵەکە ئەدەم، ئای بیرم نەبوو ئەبێ سەوزەش بکڕم تا بازاڕماوە). واتە بە وتنەوەی کارەکانی بەدەنگی بەرز ڕیزبەندی کارەکانی ئەکات. ئەم جۆرەیان وەك ئەوانە نییە کەهەر لەخۆیانەوە هەندێ وشەی بێ مانا ئەڵێن. فابر پێی وایە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەحەزکردنەوەیە بەرێکخستنەوەی بیر، ئاماژەیەکە بۆ گێڕانەوەی بەرنامەی کاری ڕۆژەکە بەدەنگی بەرز لەگەڵ خۆتدا، یان



گێڕانەوەی ڕوداوێکی دیاریکراو ئەمەش هۆیەکە بۆ چالاککردن و ڕاهێنانی بیر. چونکە ئەم جۆرە رستانە تەنها دەربڕی هەستێکی تایبەتی نییە، بەڵکو یارمەتی بیرکردنەوەیەکی دروست و ڕێکخراو ئەدات لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی کێشەیەکدا.

سەبارەت بەم دۆخە سولجی ئەڵێ: (ئەم جۆرە کاردانەوانە وەك سەرەقەڵەمی نوسین وایە، لەڕاستیدا ئەم ڕستانە ئامرازێکە بۆ سەرنج ڕاکێشان بەلای گرفتێکی دیاریکراودا. هەندێ جار مرۆڤ لەبەرخۆیەوەو بەدەنگی بەرز هەموو وردەکارییەکانی پێشهاتێك ئەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی کەسێکی لەگەڵدا بێ گوێی بۆ بگرێت، لەکاتێکدا ئەکرێ هەموو ئەو گێڕانەوەیە کورت بکاتەوە بەوەی لەخۆی بپرسێت: چارەسەر چیە؟). سولجی لەدرێژەی رونکردنەوەکانیدا ئەڵێ: قسەکردن لەبەرخۆوە هەندێ جار نیشانەی دەردەسەریو تەنهاییە، تەنهایی بەمانای دابڕان نا، بەڵکو تەنهابوون لەڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەیەك یان ڕووداوێکی دیاریکراو.

## قسەکردن بەنوسین

ئەم ڕەفتارە لەکاتێکدایە کە کێشەیەك هەیە ئەبێ بخرێتە بەرباس بەڵام ناتوانین باسی بکەین، فابرئەڵێ: هۆکاری پەنابردنە بەرنوسینی ئەو قسانەی کەهەندێ کەس ئەیکەن، ئەوەیە کاتێك کەسێك قسە لەگەڵ خۆی بکات واتە بەتاڵکردنەوەی ناخ یان ئەو گرفتانەی تەنگەتاوی کردووە، بەڵام بەڕێگەی قسەکردن، گرفتێکی دیاریکراوی ژیان بەوشە ڕابگەیەنرێت واتە جارێکی تر لێکدانەوەی بۆ بکرێتەوە، لەرێگەی وتنەوەی بەدەنگی بەرز ئەمەش بەشێوازێك کەهەستو سۆز دیاریی دەکات.

لێرەوە ئەبێ بزانین کاتێك لەبەرخۆمانەوە بەدەنگی بەرز چیرۆکەکانی ناخمان ئەڵێینەوە نیشانەی ئەوەیە کەشاردنەوەو هێشتنەوەی لەناخداو بیرکردنەوە بەنهێنی شتێکی پەسەند نیە بەلامانەوە، هەروەك بەکارهێنانی بیرکردنەوە بەدەنگی بەرز ڕێگەیەکە هاوکاریمان ئەکا لەتێگەیشتنی باشترو بڕیاردانێکی دروستتر. بۆیە بیرکردنەوە بەدەنگی بەرزو لەگەڵ خۆ قسەکردن ڕێکخستنەوەی بیروهۆشەو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەخێرایی بڕیار بداتو کێشەکانی چارەسەربکات. بۆیە سولجی پسپۆری دەرونی و فابری شیکەرەوەی دەرونی بڕوایان وایە بیرکردنەوە بەنووسین ڕێگەیەکە بۆ دەربڕین، سودمەنترە لەوەی مرۆڤ لەبەرخۆیەوە قسە بکات بێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێو چارەسەرێك بۆ کێشەکانی بدۆزرێتەوە.

فابر ئەڵێ: بۆئەوەی وشەکان کاریگەریان هەبێ، ئەبێ بوترێن یان بنوسرێن ئەشڵێ وای بەباش ئەزانم لەسەر وەرەقە بنوسرێت، چونکە نووسین زیاتر یارمەتیدەرە بۆ کردنەوەی گرێ دەرونیەکان هەروەها ئەڵێ: ئەگەر یەکێکمان کەوتە خەیاڵو بیرکردنەوەوە باشترە پەنابەرێتە بەر قەڵەم و کاغەز چونکە نووسین وائەکات شتەکان بەشێوەیەکی روونتر ببینین.

## کاتێك ئەم ڕەفتارە ئەبێتە خوو

لەوانەیە لەبەرخۆوە قسەکردن زۆرجار لێت ڕووبدات، بەڵام چەند مرۆڤ بەتنها بوو لەشوێنێکدا بۆ ماوەیەکی زۆر، هێندەی تر لەبەرخۆوە قسەکردنی زیادئەکات، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی گوێیان لەدەنگی خۆیان بێ یان گلەیی لەبەختی خۆیان بکەن یان خەمەکانیان بەبابکەن واتە زیاتر مەشق لەسەر ئەم ڕێگەیە ئەکەن بۆ کەمکردنەوەی خەمو چارەسەری کێشەکان. هەروەها ئەڵێ: ئەکرێ بەدوو ڕێگە ئەنجام بدرێ، یان ئەوەتا مرۆڤ لەبەرخۆیەوە قسە ئەکات واتە هەردوو ڕۆڵەکە ئەگێڕێ هەم قسەکەرو هەم گوێگریش یان قسەکانی ئاراستەی کەسێکی خەیاڵی بکات و وەڵامەکان بێنێتە بەرچاوی خۆی.

ئەبینین لەکاتی نوسینەوەی بیرەوەریدا، مرۆڤ زیاتر قسە لەگەڵ بەرامبەر ئەکات وەك لەخۆی. فابر ئەم دۆخە بەوە شی ئەکاتەوە کەئەو کەسەی لەخەیاڵیدایە لەوانەیە درێژکراوەی ئەو هاوڕێیە بێ کەمرۆڤ بەمناڵی یاری لەگەڵ کردووەو قسەی لەگەڵ ئەکا. ئەم جۆرە قسە لەگەڵ خۆکردنە ئەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی مناڵی چونکە لەسەر شێوەی گریمانە بنیاتنراوە.

بەڵام ئایا ئەگەر زۆر لەگەڵ خۆت قسە بکەیت شتێکی خراپە؟ سولجی لەوەڵامدا ئەڵێ (بەڵێ) چونکە بۆی دەرکەوتووە ئەو کەسانەی زۆر لەبەرخۆیانەوە قسە ئەکەنو بۆ ماوەیەکی درێژ، وەڵامی ئەو پرسیارە یە کەسێك قسە لەگەڵ خۆی بکا ڕاکردنە لەکردنی کارێك یان دواخستنی. فابر ئەڵێ لەخۆوە قسەکردن شتێکی بێزارکەرە، بەتایبەت ئەگەر ڕێگری بکات لە بڕیاردان، یان ئەگەر ئەم خووە بەهۆی ئازاری تەنهاییەوە بێت یان ئەگەر تەنها بۆ ئەوە بێ کەگوێت لەدەنگی خۆت بێ، هەروەها ئەڵێ: بەهەرحاڵ ئەکرێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك یا بۆ دەربڕینی هەستێکی شاراوە. شیکاریو دەرەنجامی لۆژیکی هەیە، باشترە لەسەر کاغەز بێت واتە بنوسرێتەوە وەك لەوەی هەرلەبەرخۆیەوە قسە بکات. چونکە نوسینەوەی دەرفەتێکی باشتر ئەرەخسێنێ بۆ بەرچاوڕونی لەبیرکردنەوەدا.